# خۆپیشاندەران ئاژاوەگێڕبوون!!

**هاشم ساڵح**

hashemtwana@gmail.com

بمبورن خەڵکینە کە منیش لە شێوەی نێو دەسەلآت،وەك خاوەن قەڵەمە بیرتەسکەکان کەتەنها لە سۆنگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەڕواننە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی خەڵکی کوردستان بەگشتی وگەنجانی نێو خۆپیشاندانەکان بەتایبەت کە هاتنە سەر شەقامەکان بۆ داواکردنی سەرەتاترین وسادەترین داوای خۆیان وخەڵکی کوردستان کە بریتی بوون لە ئاو وکارەبا وسووتەمەنی وچاککردنەوەی ڕێگاوبانەکان ودابین کردنی پێداویستییەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی،هەرچەندە داواکانیان زۆر سادەو ئاسایی بوون بەلآم ڕوبەرووی هەزاران قسەوقسەلۆك بوونەوە جگە لەوەی هەرجارەو بەشێوەیەك تاوەنبار دەکران وناو ناتۆرەی جیاوازیش دەخرایە پاڵ، کار بەوەیشەوە نەوەستا تاگەیشتە تەقەکردن لەهاولآتیان وگەڕان بەدوایاندا وگرتنایان وسوکایەتی پێکردن پێیان وهەڕەشەکردن لێیان کەنابێت جارێکی دیکە کاری لەم بابەتە دووبارە بکەنەوە،دواتریش بەردانیان بەکفالەت،ئەمانە هەمووی تەنها لە ئەنجامی داواکارییە سادەو سەرەتاییەکانیان! سەرباری ئەم هەموو کردارانەش کەچی بەردەوامن لە شێواندنی ئەو شێوازە شارستانییە کە تاکە ڕێکایە بەدەست خەڵکەوە ماوە بۆ داواکاریکردنی داخوازییەکانیان لەدەسەلآت،کەچیئەم ڕێگاییەیشیان پڕ مەترسی کوشتن وگرتن وفسڵ کردن و...هتدبۆ ئەوەی کەجارێکی دیکە کەسێك نەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە لەو ڕێگایەوە داواکاری ئاراستەی دەسەلآت بکا.

زۆرم لا سەیرە کەقسە لەسەر قەریرانی تێگەیشتن وبەرژەوەندی گشتی وقەیرانی خزمەتگوزارییەکان دەکەن! کام بەرژەوەندی وکام پرۆژەی خزمەتگوزاری؟ یاخود تاوەنبار کردنی خەڵك بە ئاژاوەگێڕ لەقەڵەم دەدەن وهەندێ جاریشبەشێوەیکی ناڕاستەوخۆحزبەکانی دیکە بەهۆکاری دروست بوونی دەزانن یان تاوەنبارکردنی بەدەستی دەرەکی دەزانن،هەرچەندەهەموان دڵنییان لەوەی کە ئەوانەی باسیلێوە دەکەن هیچیان بنەمایان نییە ودوورن لەڕاستییەوە وهەندێ جاریش لە ڕێگای ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان وماڵپەری میدیاکانەوە ولەڕێگای کۆڕو سیمینارەکانتانەوە دەکەونە قسە کردن بەو خەڵکانە وجارێك بەکاڵفام وجارێکی تر بەتێنەگەیشتوو وهەندێجاریش بە دژ1 بەرژەوەندی گشتی ودەسکەوتەکان تاەنبار دەکرێن،سەروەرییەکان وبەرژەوەندی گشتی بووتە وێردی سەر زمانی بەبەردەوامی بەرانبەر بەخەڵك دووبارە دەکرێنەوەبەتایبەت لەو کاتانەی کەخەڵك داواکاری ئاراستەی دەسەلآت دەکات وتێدا داداخوازییەکانی و پێویستییەکانی خۆی دەست نیشان دەکات وداوای چارەسەر کردنی دەکات، پێویستە بەڵێنی ئەوە نەدەن کەناتوانن جێبەجێ بکەن لەو کاتانەدا چونکە ئێوەی دەسەلآت زوو شتان لەبیر دەچێتەوە!!

هەندێ جاریش دێنە سەر ئەوەی کە خەڵکیتریان لە گەڵ نەبووە بەڵێ خەڵکی فەرمانبەرو مووچەخۆری نێو دەسەلآ- ترسنۆکی ناتوانن قسە بکەن ئەمەش بە گشتی نییە، بەلآم ڕێژە زۆرەکەی لەو شێوەیە سەرەوەیە لە ترسی نان بڕین و دەرکردن و گرتن و نەقڵکردن..هتد. ناتوانن ئەگەر ئاویشیان پێنەدەیت داوای ئاوی خواردنەوە خودی خۆیانیش بکەن، بۆ یە ئەم بەشەیان ناکرێ هیچ لە سەر بدوێن،بەلآم ئەوەی تری ئەوانەی نەبێت هاتە سەرشەقامەکان داواکاری خۆی کرد هەرچەندە پێش وەخت داڕێژراو نەبوو ئەمەش باشترین بەڵگەیە کە کەسی لە پشتەوە نییە؟ بەڵێ ئەگەر لێپرسراوێکی مووچەی 3 ملیۆن بێت چوون دەتوانێت قسە لە بەرژەوەندی گشتی بکا ئەگەر فەرمانبەرێك مووچە لە سەرووی 300 هەزارەوە بێت چۆن قسە دەکات، کێ باس لە ڕێژەی بێکاری و کچی قەیرە و گەنجی سەرهەڵرتوو دەکات و خەونی ڕەنگاورەنگیان دەکات؟ یاخود کێ دەتوانی چاودێری بازاڕی ڕەش و گرانی و نەبوونی سووتەمەنی و ... هتد بکا. ئاخر ئەگەر کەسێك نەبێت بەراوردی ڕێژەی داهاتی کورد بکا کە 17٪ ودەمێکە 8،4٪ی دەگاتە کوردستان و کە خەڵکی کوردستان تەنها 8،4٪ ڕێژەیی داهاتیان بێت لە دەسەلآتی ناوەندەی و گەورە لێپرسراوان و پیاوانی دەسەلآتیش 8،6٪ی بێت دەبێت چۆن بتوانن و کێ لە بەرژەوەندی گشتی بیر بکاتەوە؟

لە کۆتایشدا دەپرسم بۆ ئەو کاتانەی خەڵك دێنە سەرشەقامەکان ئێوەیش بە هەموو جۆرێك دەکەنەوە هەوڵی مەیسەرکردنی دواوکارییەکانیان و لە گەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك بەڵێنیان پێدەدەن کە خودی خۆتانیش دڵنیان ناتوانن جێبەجێ بکەن، کە ناشتوانن جێبەجێ بکەن قسە بەڵێنەکانی خۆتالن دەبێتە هۆی لە دەستدانی مصداقیەتی خۆتان لە بەرامبەر ئەو خەڵکەدا و جارێکی دیکە باوەڕتان پێناکەن! ئەویشتان لە بیر نەچێتەوە کە ئێوە بەردەوام پێویستان بەو خەڵکەیە بۆ تەواوکردنی هاوکێشەکەتان، ئەو کاتەش هیچ قسەیەکتان نییە بۆیان جگە لە باسکردنی سەروەرییەکانتان و جولآنەوەی هەستی نەتەوایەتیان، ئەو کاتە خەڵکیش بیر دەکەرێتەوە بۆ بەڵێن و قسانەی ئێوە؟ و خەڵکیش لەوە گەیشتووە کە ئەو سەروەرییانەی کە وێردی سەرزمانتانە تەنها لەو کاتانەدا لە یادتانە بۆیە زۆر ستەمە باوەڕتان پێبکەن و بە دواتان بکەونە، قسەیەکی پێشینان هەیە دەڵێت لە ڕقی ماڵە هاوسێ کوڕی خۆی بە کوشتن دەدات ئەم ووتەیە دەقاو دەق لە سەرمان دەچەسپێ و کوڕەکانمان دەکەینە قوربانی و زەرەرمەندی یەکەمیش خەڵکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر دەبێتە ئەوانی تریش وەك بەرزەکی بابان بە دەردەدەبن لە هاوکێشەکان.